# ڕەنووی منداڵێکی ساوا



من ئاوام
بە پاوە وێستاوم
ئومێد لەسەر بەرۆکی دڵتەنگی دەنەخشێنم
پێکەنین دەکەم بە شارێگەی مانەوە
مانەوە درۆکی جوانە تا هەموان پێبکەنن و
داهاتوو لە چاوماندا بێت.
کەس لە پشتی پەنجەرەوە سەیری
کشانی نەیزەک ناکا
کەس هەواڵی ڕۆیشتن نادات
ئەوەی هەڵی کردوە زیکرەیاتێکی کۆنە لە
خەیاڵی بەندبێژاندا
هیچ کەس دڵی نایە لاوی محەبەت لە پووچیدا
بڕووخێنێ.
کەس بە تەنیشت تارماییدا ڕەتنابێ
شیعر پردی نێوان درک و پەپوولەیە
عیشقی لێدەرچێ کەس بەڕێگا تەسکەکانی
دڵڕەقیدا ناچێتەوە ماڵ
کەس لە باڵکۆنەوە سەیری کەوتن ناکا
ئەوەی ڕەنووی بیرەوەرییە
کوژڕانی منداڵێکی ساوایە.

سلێمانیی
دڵکەش قادر